

# له سه‌قزه‌وه بۆ ناو باخچه‌ی فه‌یله‌سووفان

مرۆڤی بیرمه‌ندی کورد ئه‌گه‌ر ژماره‌یان زۆریش بێت، که‌متر له ناو میلله‌ته‌که‌یان ده‌ناسرێن! له ئورووپا و ڕۆژئاوای جیهان ژماره‌ی ئه‌م که‌سانه که له مێدیا، کۆڕ و کۆمه‌ڵ، سمینار و کۆنفرانس نابینرێن، که‌م نین.

ژماره‌یه‌کی به‌رچاو، کوردی هه‌ر چوار پارچه، به‌تایبه‌ت پاش کۆتایی شه‌ڕی دووهه‌م، کۆماری کوردستان، کۆماری سوور بۆ کار و خوێندن یان به هۆی سیاسی، ڕوویان له ئورووپا، سۆڤیه‌تی پێشوو و وڵاتی ئاڵمان کرد و له‌م وڵاتانه نیشته‌جێ بوون و گۆڕی گه‌لێک له‌وانه له مۆسکۆ، پراگ، پاریس، ئاڵمان، ئیتالیا، بریتانیا، سکاندیناوی ئه‌وان وه‌بیر ده‌هێننه‌وه.

نووسه‌ری ئه‌م دێڕانه ئه‌م ده‌رفه‌ته‌ی هه‌بوو له گه‌ڵ کۆمه‌ڵێک له‌و که‌سانه، پسپۆڕی بواری زانست، هونه‌ر، مۆسیقا، ئه‌ده‌بیات، فه‌لسه‌فه، سیاسه‌ت و بواریتر، ئاشنا بێ و له گه‌ڵ هێندێکیان دۆستایه‌تی قووڵ په‌یدا بکات. یه‌ک له‌و که‌سانه دوکتور عه‌زیز فه‌یزنێژاد زانای بواری پزیشکی، فه‌لسه‌فه و ئه‌ده‌بیات بوو!

ڕۆژێک له ڕۆژه‌کانی ده‌یه‌ی نه‌وه‌دی سه‌ده‌ی بیست له شارۆچکه‌یه‌کی نزیک کۆڵن، له کۆنفرانسی یادی ئه‌حمه‌دی خانی له گه‌ڵی ڕووبه‌ڕوو بووم. ده‌یان بیرمه‌ندی کوردی هه‌موو پارچه‌کانی کوردستان و به تایبه‌ت یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت، به یارمه‌تی و ڕێکخستنی ناوه‌ندی کۆمکار له ده‌وری یه‌ک کۆببوونه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی ئاوڕێکی قووڵی هه‌مه‌لایه‌ن له ئه‌حمه‌دی خانی و به‌رهه‌مه‌کانی و که‌سایه‌تی ئه‌و بده‌نه‌وه!

دوکتور عه‌زیز فه‌یزنێژاد، کاکه حه‌مه‌ی مه‌لا که‌ریم، پرۆفیسۆر عیزه‌دین مسته‌فا ڕه‌سوڵ، دوکتور فازل عومه‌ر و نووسه‌ری ئه‌م دێڕانه له ده‌وری یه‌ک مێز دانیشتبووین. ئه‌من گچکه‌ی ناویان بووم. به‌شداربوونی کۆنفرانس، زۆرینه کوردانی باکوور، ڕۆژئاوا و کوردانی سۆڤیه‌تی پێشوو بوون. پاش ئه‌م کۆنفرانسه پێوه‌ندی له ته‌ک کاکه حه‌مه و کاکه عه‌زیز به‌رده‌وام مایه‌وه و کاکه حه‌مه له به‌غداوه له زۆر بواردا هاوکاری ناوه‌ندی شانۆی کۆچه‌ر و نووسه‌ری ئه‌و دێڕانه‌ی ده‌کرد و به‌رده‌وام نامه گۆڕینه‌وه له نێوامانداهه‌بوو. مانگێ جارێک کتێب و گۆڤاره‌کانی کوردی به پۆستدا بۆ ده‌ناردم و هه‌روه‌ها هاوکارێکی به‌رچاوی به ناردنی بابه‌ت و به‌ڵگه له سه‌ر حه‌سه‌ن زیره‌ک له ته‌ک فستیوالی ٧٥ ساڵه‌ی له دایکبوونی زیره‌ک له شاری کۆڵن ساڵی ١٩٩٦ کرد، که که‌سانی وه‌ک قادر دیلان، ئیقباڵ حاجی، شوانپه‌روه‌ر، دڵشاد سه‌عید، په‌روین موشیروه‌زیری، ئه‌سعه‌د سراجه‌دینی، فیروز فه‌ڕوخ و که‌سانی دی تێیدا به‌شدار بوون.

پێوه‌ندی له گه‌ڵ کاکه عه‌زیز زۆرجار ڕۆژانه و به‌رده‌وام هه‌فتانه بوو، له ناو بنه‌ماڵه‌ی ئێمه‌دا ئه‌و به "چاوه‌که‌م" ده‌ناسرا و به‌رده‌وام ئه‌م وشه‌یه‌ی له سه‌ر زار بوو. به که‌سانی نزیکی خۆی ده‌گوت "چاوه‌که‌م". گه‌لێک جار به سه‌عات و زیاتر قسه‌مان ده‌کرد، زۆربه‌ی بابه‌ته‌کان بابه‌تی ئه‌ده‌بی، هونه‌ری، فه‌لسه‌فی و بارودۆخی کورد بوو. ئه‌و گه‌لێک هه‌ستیار، تیژبین و وردبین بوو. نامه‌کانی پڕ له بیر و هزر بوون، جار به‌جار ئه‌م لاپه‌ڕ و ئه‌و لاپه‌ڕی گۆڤار و ڕۆژنامه‌ی ئاڵمانی ده‌نارد که بابه‌تی گرنگی فه‌لسه‌فی بوون.

نووسینی خۆشی به نامه ده‌نارد، به‌ڵام قه‌ت له هیچ شوێنێک بڵاوی نه‌کرده‌وه. ڕۆژێک کۆپی گۆرانییه‌کی کوردی به ئاڵمانی کراوی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌ی بۆ ناردم. که‌سێکی ئاڵمانی ده‌چێته ئه‌رمه‌نستان و له‌وێ گوێ له گۆرانی کوردی ده‌بێت و گۆرانیبێژ و ده‌نگبێژه‌کان ده‌بینێته‌وه و گۆرانییه‌کان به ئاڵمانی و کوردی ده‌نووسێته‌وه. یه‌ک له‌و گۆرانیانه جوانی ژنێکی سۆزمانی ده‌گێڕێته‌وه، تێکستێک که ڕێک بۆ سه‌ده‌ی هه‌ژده و نۆزده‌ی ئورووپای سه‌رده‌می ڕۆشه‌نگه‌ری ده‌لوا، هه‌تا ئه‌و ناوچانه‌ی زۆرتر موسڵمان ده‌نوێن. ئه‌م گۆرانییه شیعرێکی فۆلکلۆری ناو کوردان بوو که بێگومان، ده‌بێ کۆنتر له سه‌ده‌ی هه‌ڤده و هه‌ژده بێت!

دوکتور عه‌زیز فه‌لسه‌فی ده‌یروانییه جیهان و هه‌ر لێره‌وه دانووی له گه‌ڵ تێگه‌یشتنی زۆرینه و زۆرێک له نووسه‌ران نه‌ده‌کوڵا. ئه‌و دۆستی نزیکی که‌سانی وه‌ک هه‌ژار و نووسه‌ر و شاعیرانی تری کورد بوو، پشتگیری کاری به پێزی ئه‌وانی ده‌کرد و چاوی له ڕه‌خنه له‌کاری کز و لاوازی ئه‌وان، نه‌ده‌پۆشی. ئه‌و ته‌نیا کوردی ئورووپا بوو، که یارمه‌تی ماڵی ناوه‌ندی شانۆی کۆچه‌ر له شاری کۆڵنی ده‌کرد.

ئەو سەردەمەی ئەو لە زانستگای هایدلبێرگ بوو، فەیلەسووفانی وەک Karl-Otto Apel ،Hans-Georg Gadamer و Jürgen Habermas ، لە هەمان شار و زانستگا بوون و بەشداری باسەکانیان دەبوو. ساڵانی 1968 و1971 ئەو سەردەمەیە کە لە فڕانکفۆرت و هایدلبێرگ باس لە Kritischen Theorie دەکرا و ئەوەش عەزیز فەیزیژادی دەگرتەوە.

کاک عەزیز لە درێژەی کاری کەسانی بە ناو و دەنگی وەک Madoka Makinose ، Wilhelm Hasselbach، Setsuro Ebashi و Makoto Endo لە ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧١لە هاوکاری لە گەڵ ماکس پلان ئینستیتۆ ، لە سەر Sarkoplasmatischen Retikulums(باس لە کەلسیۆم، پرۆتئین لە ناو ماسولکە) لێکۆڵینەوەی ئەنجام دا، کە بوو بە تێزی دوکتوراکەی لە ساڵی ١٩٧١. هەر ئەم بابەتە پلەی بەرزی زانستی ئەو دەردەخات. پزیشکی تەنیا لایەنی کاری ئەو نەبوو، لە پاڵ ئەوە ئەدەبیات و فەلسەفە و نووسین، ئەوی لە گەڵ نووسەرانی کورد و کەسایەتییەکانی ئاڵمانی گرێ دەدا!

گەلێک جار لە بواری پزیشکی ڕێنومایی دەکردین. ڕۆژێکیان گوتی نان چ سپی و چ ڕەش، پڕ دەکرێ لە خوێ و ئەوەش زیانی زۆری هەیە، هەتا دەتوانی نان کەمتر بخۆ، بە تایبەت نانی سپی. هەر ئەم ئامۆژگارییە لە تووشبوون بە هێندێک نەخۆشی من و کەسانی دەوروبەری، پاراست.

پاش ئەوەی خانەنشین کرا، ویستی لە شاری Bad Wildbad کە شارێکی ژێکەڵانە بۆ شوێنی حەسانەوەی نەخۆش بوو کە لە هەموو ئاڵمانەوە ڕووی تێدەکرا، بڕوا و بچێتە شاری کۆڵن یان فڕانکفۆرت. لە کۆڵن و فڕانکفۆرت ماڵ پەیدا کرا، بەڵام گوتی:" من دەبێ ژووری تایبەتم بۆ کتێبەکانم هەبێ، دەنا ماڵ ناگوێزمەوە." لە ڕاستیدا کتێبخانەکەی، ماڵی ئەو بوو.

کاک عەزیز بە کوردییەکی پاراو دەدوا، نەک ئەو ،کەسانی وەک دوکتور حەسەن فاروقی، دوکتور حیسامی و گەلێک کەسیتر کە زیاتر لە نیو سەدە لە ئاڵمان دەژیان، بە کوردێکی خۆشی دوور لە تێکەڵاوی زمانەکانی تر ، قسەیان دەکرد.

ڕۆژێک لە نووسینگەیەک لە شاری کۆڵن دەمویست بلیتی تەیارە بۆ هێلسینگی وەرگرم، ئەو خانمەی قسەم لە گەڵی دەکرد، دەستی ڕاداشت بۆ کەسێکیتر و گوتی بچۆ لای ئەو هاوکارە، کە لەوە دەچوو بەرپرسی شوێنەکە بێت. کە چووم، ئاشنا و هاوشاری و خزمی کاک عەزیز لە تایفەی فەیزوڵابەگی دەرچوو، شێوەی قسەکردن و چەشنی کوردی گوتنی ڕێک ئەو کوردییە بوو کە لە سەردەمی منداڵی لە بۆکان و سەقز و ساباڵاخ بیسبووم. کەسی خزم کەوتە قسە کردن لە گەڵما و گوتی گەلێک ساڵە چاوم بە کورد نەکەوتووە. ئەو ساڵانە کوردی ڕۆژهەڵات، لە ئاڵمان گەلێک کەم بوو.

زۆر جار کە دەکەوتینە قسە، کات و ساتمان لە بیر دەچۆوە. ڕۆژێک دوای قسە و باسی زۆر دەنگ نەما، بێخەبەر لەوەی مناڵە سێ ساڵانەکەمان، کە دەبوو کات بۆ ئەو دابنێم، ئێمەی خستبووە ژێر چاوەدێری خۆی. کاتێک دایکی هاتەوە ماڵ بە پەلە ڕایکرد بۆ لای و گوتی:" ...، ... بابە لە تەک ئەو کاورا دوکتورە هێندە گەوجانە ڕستیان، هەتا باتری تەلەفوون تواو بووا!" کە دواتر بۆ کاکە عەزیزم گێڕاویەوە، گوتی: " ... ڕاست دەکا!"

کاک عەزیز قسە خۆش و مرۆڤێکی لەبەر دڵان بوو، لە هەمانکات، خۆی لە هەر شوێن و هەموو شوێن نەدیتەوە و ئەهلی ئەو شوێنانە نەبوو، کە هەڵا هەڵای حزبی و دەنگ و هەرای بێئاکام زاڵ بوو.

ڕۆژێک چاوی بە تابلۆکانی هونەرمەند ئەفسوون سەدری کەوت، بوژایەوە و خۆی لە ناو وێنەکاندا دیتەوە، کە سروشت و سروشتی کوردستانی دەنەخشاند، هەر بۆیە ئەفسوون خانم وێنەی دارستانێکی کوردستانی بە تایبەت بۆ "چاوەکەم" کێشا و پێیڕاگەیێندرا بە پۆستدا بۆی بنێردرێ، وتی نا بۆخۆم دێم و وەریدەگرم. ئەو ڕۆژە نەهات کە بێت و تابلۆکەی بەرێ.

یادی کاکە عەزیز زیندوو

برایم فەرشی

خەرمانان- ئاگۆست ٢٠٢٦